# ئایزاك دێنسن
# و
# سۆرین کیرکیگارد
# و
# سەردەمی ئێستا

ئێریك. ئۆ. جۆنسن
لە ئینگلیزییەوە: ئاسۆ خالید

رەنگە بەراوردکردنی ئایزاك دێنسنو سۆرین کیرکیگارد پرۆژەیەکی بێمانا بێت، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی لە یەکەمدا ژنە بارۆنیەکی دانیمارکی خاوەن رۆشنبیرییەکی بەرزو زیرەك دەبینن، کە حەز دەکات چیرۆکە دارماو و سەیرەکان لە بارەی سەردەمێکی تێپەڕیو بگێڕێتەوە، یان یادەوەرییە خەماوییەکان لە بارەی ئەفەریقای ونبوو دەربخات.

جیهانی ئایزاك دێنسن کە چیرۆکەکانی جوانییان دەبەخشییە لاپەڕەکانی (Harper"s Bazaar)و (Lady"s Hŏme journal) ئەو کەسەی کە رووخسارە شانۆییەکەی لێمان ئەڕوانێ لە گۆڤاری (Life)دا، وا دەردەکەوێت زۆر دووربێت لە جیهانی سۆرین کیرکیگاردەوە، کە کۆششەکانی بۆ وەئاگاهێنانەوەی تاك بۆ درك پێکردنێکی بەسۆزتری بوونی خۆی بەرەو شەهیدبوونی برد. بەڵام ئەم دووانە ئێجگار وا دوورنین لە یەکەوە کە دێتە بەرچاو. لە کاتێکدا ئایزاك دێنسن بەزۆری تەنها وەك شارەزایەك لە هونەری جوانی باستیچدا دانراوە. کرکیگاردیش لە بۆچوونی ئەو سەردەمەی خۆیدا گەنجێکی دەوڵەمەند بوو، کە سەرگەرمی رابواردنبوو لەگەڵ خواستی ئەوەدا کە ببێتە نووسەرێك.

ئەگەر دەمامکی کیرکیگارد، هاوچەرخەکانی خۆی هەڵخەڵەتاندبێتو گرنگی راستەقینەی کارەکانی شاردبێتەوە، ئەوا دەمامکی ئایزاك دێنسن هەندێ جار


سۆرین کیرکیگارد

قووڵی هەستو سیستمی پڕ مانای شاردوەتەوە کە بناغەی جیهانە ئەدەبیەکەی پێکدەهێنن. چونکە هەرچەند ئەوان بەزۆر شێوازی جیاواز ئیختیاری دەربڕینی بۆچوونیان کرد لە بارەی ژیانەوە. کیرکیگارد لە (وتارە لاسایکەرەکانی)دا

زۆر باش لەگەڵ شێوازە فەلسەفییە لیریکیەکەیداو لەگەڵ ئارەزوویدا بۆ دۆزینەوەی هەڵوێستی دیاریکراو بۆ ژیان، لە روونترین شێوەیاندا خۆی گونجاند. ئایزاك دێنسنیش لە شێوازە تایبەتەکەی لە گێڕانەوەدا، هەردووکیان بەشێوەیەکی سەرەکی هونەرمەندی دەمامکن.

دەمامکەکانی کیرکیگارد زۆربوون: (ڤیکتۆر ئێرمیتاو جۆهانس کلایمەکوسو فراتەر ناسیتورنوسو کۆنستانتین کۆنستانتیوس). ئەو خۆشەویستییەکی بێبڕانەوەی پیشاندا بۆ ئاڵۆزی و نادیارییە ئەدەبیەکان. ئەو بۆ ئەوەی هیچ کام لە شوناسی دەمامکەکانی لە خۆنەگرێت، ئازارێکی گەورەی لە خۆگرت.

ئایزاك دێنسن، وەك هەر کەسێك کە لەوانەیە ئێستا بزانێت، نازناوێکە بۆ کارین بلیکسن فێنیك، بەڵام ئەوە تەنها یەکێکە لە دەمامکەکانی کارین بلیکسن. بەلایەنی کەمەوە دوانی تریش هەیە:. (ئۆسیۆلاو پێر ئاندرێزل) نووسەری رۆمانی گۆتی (The Angelic Avengors) کە کەم ناسراوە.

هۆی ئەم یاریکردنە بەدەمامك چییە؟

لە پێش هەموو شتێکەوە، هۆکەی، دەبێت لە هەستێکی شانۆ ئامێزیدا بۆی بگەڕێین: خۆشەویستی بۆ شانۆو ئۆپێرا. کیرکیگارد لێکۆڵینەوەیەکی دیاری نووسی بۆ هەندێك ئەکتەرو کچە ئەکتەر، هەروەها بۆ گەورە کەسێتییە نموونەییەکانی شانۆ وەك دۆن جوانو فاوست، کورە پاڵەوانو کچە پاڵەوانەکانی ئایزاك دێنسن بەزۆری کەسایەتی شانۆنو رۆحی کۆمیدیەکانی شکسپیر بەنێو چیرۆکەکاندا رۆچووە.

بەڵام لە کاتێکدا ئەم مەیلە هاوبەشە بۆ یاری دەمامك پاڵنەرێکی سادەی هەیە لە خۆشەویستیدا بۆ شانۆ، کەچی بەقووڵی رەگیداکوتاوە، لە هەستێکی رەسەندا بۆ کۆمەڵێك ئیمکانی خود.

بەمجۆرە کیرکیگارد لە رێگای چەندین نازناوی جۆراوجۆرەوە بەدوای شێوە پەتیەکانی یاخود (قۆناغەکانی) بووندا دەگەڕا:. ئێستاتیکا، ئاکاری، شەیتانی، گاڵتە ئامێزی، ئایینی، ئەم شێوازە لە پیشاندان کە ئەم دەستی بۆ راکێشا وەك پەیوەندیکردنی ناراستەوخۆو تاکە شێوازی دەربڕینە کە لەگەڵ مەبەستیدا گونجاوە. بۆ راهێنانی خوێنەر لە هونەری بوون بە(خودی-الزاتی)داو لە بوون بەتاکێکدا. بەگەیاندنی وەسفی هەر قۆناغێك بە ئەوپەڕی سنووری خۆی، واتە سنووری نائومێدی، ئەو ویستی هەستکردن بە پێویستی ئیختیار لە تاکدا وەئاگا بهێنێتەوەو بەمەش تاك هەست بەبوونی بێهاوتای خۆی دەکات، کە ئەوەش هونەری بەرەو (خودی-الزاتی) چوون جیادەکاتەوە.

لە سەردەمێکی تێراماندا ئەو هەوڵی گەرانەوەیەکیدا بۆ سۆز. یاری دەمامکی دێنسنیش بەقووڵی رەگیداکوتاوە لە نێو تێروانینیدا بۆ ژیان، لە چیرۆکەکانیدا لە خۆگرتنی دەمامکێك بەراورد دەکرێت لەگەڵ لێووردبوونەوەی خود لە ئاوێنەیەکدا. هەروەك (بیتس)، دێنسنیش لە خۆگرتنی دەمامکی بەکارێکی چالاكو کاریگەرو بەسۆزو حاڵەتێکی خۆسەروەرکردنو بەکارێکی دروستکردنی گەورەیی دادەنا. لەکاتێکدا لێووردبوونەوەی خود وەك سەرچاوەی ناکاریگەری و دڵتەنگی دەبینرێت. بەخشینی دەمامك بەئاکارێکی ئەریستۆکراتی دادەنرێت. بۆ بینینی رۆڵی عاشقو پاڵەوان، کەسی پیرۆز پێویستی بە خاسیەتی ئازایەتی و خەیاڵ و جەختکردنەوەی بەسۆزی چارەنووسی ئەریستۆکراتی هەیە. بەمچەشنە دژ بەخاسیەتو سیفەتەکانی بۆرجوازە لە راستگۆیی لەگەڵ خۆو دڵسۆزیو دڵنیاییدا. بەم شێوەیەش یاری دەمامك بەرگریکردنێکە لە خاسیەتو سیفەتی ئەریستۆکراتی لە سەردەمی بۆرجوادا. ئالێرەدایە کە دێنسنو کیرکیگارد بناغەیەکی لێکچوو- و نزیك بەیەکتریان هەیە، هەردووکیان لە ئێستا دەروانن لەبەر رۆشنایی سەردەمی ونبووەوە، جا ئەگەر لە روانگەی سەردەمی شۆرشگێرانەی ناپلیۆنەوە بێت یاخود لە روانگەی رژێمە کۆنەکەوە بێت.

تێرامانەکانی کیرکیگارد لەسەر سەردەمی خۆی، دەربڕینە کورتکراوەو رۆشنەکانی خۆی دۆزیوەتەوە لە پێداچوونەوەی رۆمانی (The Two ages-To Tidsaldre)ی تۆماس گیلمبۆرگ کە لە ساڵی 1846دا نووسراوە. لەم پێداچوونەوەیەدا کیرکیگارد ئەوەی کە خۆی پێی دەڵێت (سەردەمی شۆرشگێری) بەراوورد دەکات بەسەردەمی ئێستا، بەراووردکردنێك کە ئەمەی دواییان بەرۆشنییەکی شیاو ناخاتەروو (سەردەمی ئێمە بەشێوەیەکی سەرەکی سەردەمێکی تێگەیشتنو تێرامانە، بەبێ سۆز، ساتە وەختیانە خۆیدەکات بەنێو جۆشو خرۆشداو زیرەکانە دەگەرێتەوە بۆ ناو هێمنی).

ئەمە سەرەتای هێرشبردنە سەر سەردەمی تێرامانە، سەردەمێك کە وەك کیرکیگارد دایدەنێت (مرۆڤ تیایدا فریودراوە، بپرسێت کە ئەگەر تەنها مرۆڤێك هەبێت بەجێمابێت بۆ یەکجار هەڵدەستێت بەکارێکی نەفامانەی ئابروبەرانە). ئەوە سەردەمێکە تیایدا (تەنانەت خۆکوژێکیش خۆی لە نائومێدیدا ناکوژێت). بەڵکو هێندە بەدرێژیو بە وریایی تێدەفکرێت کە دەقاو دەق بەهزر دەخنکێت.

بەڵام سەردەمێك بێ سۆز هیچ بەهایەکی نییە.

(نەپاڵەوانو نە عاشقو نە بیریارو نە سوارچاکی دڵسۆزیو نە مرۆڤی خاوەن شانازیو نە مرۆڤی بێئومێد) بەرهەمدەهێنێت. چونکە ئەمانە ناتوانن هەبن بەبێ خۆ بەدەستەوەدانێکی تەواوی تایبەتی بەکۆمەڵە بەهایەك.

کیرکیگارد دەڵێت کاتێك وا روودەدات مرۆڤێکی سەردەمی ئێستا بریارێك بدات کە لە خراپە رزگاری دەکات، مرۆڤ چیتر ناتوانێت بڵێت گەر بریاردانەکە (پاش تێروانینێکی تەواوەتی پێیگەشتووە، یان بەهۆی شەکەتبوون لە ئەنجامی تێراماندا سەرچاوەی گرتووە، کە رێگری دەکات لە هەڵەکردن. لەم سەردەمەدا گیانی یاخیبوون کە سیفەتی سەردەمی شۆرشگێرییە دەگوێزرێتەوە (بۆ کۆمەڵە کارێکی دیالەکتیکی لێوەشاوە، کە هەموو شتێك بەراوەستاوی نەهێڵێتەوە، بەڵام بە فێڵەوە خاڵیدەکاتەوە لە مەبەست).

بەم شێوەیە حاڵەتی گرژی، کە خاسیەتی کارلێکی دژەکانە لە پەیوەندیدا، ون دەبێت. بۆ نموونە (کەسی سەرنج راکێشراو چیتر بەخۆشحاڵیو دڵخۆشییەوە دان بە گەورەییدا نانێتو بە خێرایی پێزانینی خۆی دەرنابرێت و پاشان لە دژی شانازی و خۆ بەگەورە زانەکەیدا یاخی دەبێت). بوون بە رەعیەت ئێستا مانای وایە (ببیتە لایەنی سێهەم) رەعیەت چیتر (پەیوەندییەکی راستەوخۆی بەپادشاوە نییە، بەڵام بەسادەیی دەبێتە چاودێرێكو کێشەکە چارەسەر دەکات) واتە (پەیوەندی رەعیەت بەپادشاکەیەوە). خوێندکاری گەنج چیتر لە مامۆستاکەی ناترسێت یان ناچێتە خوێندنگە بۆ فێربوون:. چوون بۆ خوێندنگە (زیاتر بایەخدان بەکێشەی فێرکردن دەگەیەنێت). بەم شێوەیە پەیوەندییەکانی نێوان باوكو کور، پیاوو ژنو سەردارو خزمەتکار، بەهۆی گرژییەکی بەفیرۆچووەوە تێکدەشکێت. ئەنجامەکەی یەك ئاستکردنەوەیەکی گشتیو ونبوونی کەسێتییەو دەستەلاتێك دروست ئەبێت لە لایەن تارماییەکی بێناونیشانەوە کە پێی دەڵێن جەماوەرو چاپەمەنیش ئۆرگانەکانیەتی. لەم بارەدا کیرکیگارد دەڵێت: تەنها رزگاری لە ئایینو لە بوون بەتاکێکدایە.

ئایزاك دێنسن هیچ گومانێکی بۆ بەجێنەهێشتووینەتەوە سەبارەت بە سۆزە ئەریستۆکراتیەکانی، ئەو سۆزانەی کە کەڵەکەبووی باکگراوندی (پێشینەی) خێزانیەکەیو ئەو ساڵانەن کە لە ئەفەریقا بووە.

بۆ نموونە لە (The Deluge at Norderneg)و (Sorrow acre)دا لەم چیرۆکانەدا یاخود لە هەندێکی تریاندا کەسێتی ئەریستۆکراتی لە جیاوازییدایە، یان لەگەڵ کەسێتی هاملێتدا کە بۆ لێووردبوونەوەی خود لە ئاوێنەدا پێشکەشکراوە، یان لەگەڵ بۆرجوازی دوردنگدا، کە هەردووکیان سڵدەکەنەوە لە کردار یان بەهۆی زیادەرۆیی بیرکردنەوەوە یان بەهۆی ترسو نەبوونی خەیاڵەوە.

لە (The Deluge at Norderneg)دا دێنسن بەشێکی کەمی کەسێتییە زۆر دڵخۆشە ئەریستۆکراتیەکانی لە کایەنێکی ناجێگیرو رەمزیدا جێگیرکردووە، کە لەوێدا ئەوان هەندێ گفتوگۆی گرنگ دەکەن و چیرۆك دەگێرنەوەو زۆربەیان دەگەرێنەوە سەر یاری دەمامكو خاسیەتەکانی ئەریستۆکراسی. لێرەدا ئێمە لە سەردەمی (لویس فیلیپ)داین ساڵی (1835)ەو کاسپارسۆن رقی خۆی لە پادشای بۆرجوازی ناشارێتەوە. کاسپارسۆن دەڵێت: گرفتی لویس فیلیپ، کە دروشمەکەی (خۆتان بشارنەوە)یە، ئەوەیە ئەو کەموکوری لە بەخۆداهەڵدان هەیە. (ئەو بەراستی جێی متمانەبوو) لە جیهانی مۆدێرندا، کاسپارسۆن دەنالێنێت بۆ نەبوونی گەورەیی خەیاڵ.

بەڵام لە رۆژی حەشردا مرۆڤ بە هۆی دەمامکەکەیەوە حەشردەکرێت، واتە بەهۆی جۆری وێناکردنەکەیەوە. لەخۆگرتنی دەمامك، رۆڵێکی گەورە دەبینێو رێگایەکی ئەریستۆکراتیانەی ژیانەو پێویستی بەسۆزو ئازایەتیو وزەو خەیاڵە، کە بەرەو جەختکردنەوە لەسەر چارەنووس دەچێت. دەمامك چارەنووسێکە کە مرۆڤی لە خۆباییبوو بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت. لە کایەنەکەدا کورێکی گەنجی بۆرجوازی کۆپنهاگنی لەگەڵ ئەوانی تردا هەیە کە وەك (Timon of Assens) دەستی بۆ راکێشراوە. ئەو کەسێتییەکی هاملێتییە کە پاڵەوانێکی خەمۆکەو زۆربەی جار پاڵەوانی چیرۆکەکانی دێنسنە. وەك کۆنت ئۆگستس، ڤۆن سکیلمان لە (The Roads Around Pisa)و ئاکسیل لێس لە (The Invincible slave owners)و چارلس دیسپارد لە (The yonng man with the carnation)و ئادەم لە (Sorrow acre)دا.

ئەو چاودێریکەری ژیانە، لە خۆی ورد ئەبێتەوە لە ئاوێنەداو پرسیار لە بارەی شوناسیەوە دەکاتو ناتوانێت خۆی سەرقاڵی هیچ جۆرێکی کردار بکات. ئەو چیرۆکانەی کە ئەم پاڵەوانە خەمۆكو تێرامێنەرانە تووشی دەبن، یاخود ئەو چیرۆکانەی پێیان دەوترێت، بەزۆری رەنگدارێژراون بەپێشکەشکردنیان لەگەڵ ئیدراکێکدا کە یارمەتیان ئەدات سەرلەنوێ باوەریان بەژیان بەدەستبهێننەوەو باوەش بەچارەنووسیاندا بکەن.

بەم شێوەیە، ئادەم لە (Sorrow Acre)دا کە ئاخنراوە بەبیرورای مرۆڤانەو سۆزداریانەی نوێی سەدەی نۆزدە، ناتوانێت رووبەرووی ئازارەکانی (ماری) ببێتەوە کە هەوڵئەدات بۆ رزکارکردنی ژیانی کورەکەی.

کاتێك ئادەم لۆمەی مامی دەکات لەبەر نامرۆڤانەبوونی،

پێی دەڵێت کە ئەم دەچێت بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان، مامی پێی دەڵێت (لەوێ خزمەتێك لە ئەستۆبگرە لەگەڵ ئەو دەستەڵاتەی کە ڕێککەوتنێکی لەمە ئاسانترت پێدەبەخشێت، کە لەوانەیە لەگەڵ ژیانی خۆتدا ژیانی کورەکەشت بکری).

ئادەم لە کۆتاییدا ئەگات بەوەی کە بە بەهاکانی جیهانی ئەریستۆکراتی دەرەبەگایەتی ڕازی بێت، بۆیدەردەکەوێت کە هەموو ئەوانەی دەژین پێویستە ئازار بچێژن‌و هیچ ڕێککەوتنێکی ئاسان لە ژیاندا نییە، هەروەها بۆیدەردەکەوێت کە ئازار چەشتن گەورەیی دەبەخشێت. ئەگات بەوەی کە ڕازیبێت بەتراژیدیا نەك وەك بەدبەختییەك، بەڵکو وەك ئیمتیازێکی مرۆڤانە. کەسێتیە بۆرجوازەکانی تریش هەمان ئیدراك لە خۆدەگرن.

لەیدی کارلۆتا لە (The Roads Round pisa)داو قەشەکە لە (Alkmene)داو ئیمیلی ڤاندام لە (The Dreaming child)داو جێنسین لە (The pearl)دا دروستکراون، بۆئەوەی بۆیان دەرکەوێت کە باوەڕیان بەژیان نەبووە.

ئەوان بەپێی وشەکانی میر پۆزێنتیانی (لە شێوازەکانی خودا زۆر بچووکترن). هەوڵیانداوە بۆ ڕێکخستنی شتەکان، بۆ ئەوەی زۆرترین دڵنیایی بەدەست بهێنن، لەبری ئەوەی متمانەی خۆیان بدەنە چارەنووس. بەگەڕانەوە بۆ دەستووری ئەریستۆکراتی، لە جیهانی ئایزاك دینسندا بنەمای پێکەوەبوون هەیە، گرژی نێوان دژەکان، وەك ئەوەی دەربڕاوە لە پەیوەندی نێوان سەردارو خزمەتکار، یاخود لە نێوان پیاوو ژندا.

بەهۆی خزمەتکارە سۆماڵییەکەوە کە ناوی فەرەحە لە (Shadows on the Grass)دا، دینسن لە بارەی پەیوەندی سەردارە خزمەتکارەوە دەدوێ کە لە ئەفەریقا لە نێوانیاندا هەبوو. پەیوەندییەکە نموونەیی بوو، لەبەرئەوەی دینسن‌و فەرەح لێکجیاکرابوون، بەهۆی ئەو جیاوازییە گەورانەوە. پەیوەندییەکەیان وەك پەیوەندی دۆن کیشۆت‌و سانکۆ پانزابوو، کە چۆن ئەو سوارچاکە بەخشندەیە بەرادەیەکی زۆر متمانەی لەسەر خزمەتکارەکەی بوو، بەڵام سانکۆپانزا هەرگیز نەمر نەدەبوو لەخۆیەوە.

لە گفتوگۆیەکی کورتی نزیك ئاگردان، چەند ساڵێك لەمەوبەر دینسن (باوەڕی خۆی دەربڕی بەگرنگی کارلێکردن‌و، ڕازیبوونی خۆی دەربڕی لە بارەی ئەو دەوڵەمەندییە زۆرو توانا بێ سنورەی کە لە نێو تێکەڵاوبوون‌و کارلێکی قەوارە جیاوازەکاندا هەیە). لەم گفتوگۆیەدا ئەو لە بارەی پەیوەندی نێوان پیاوو ژنەوە دوا، جەختی کردە سەر ئەوەی کە ژنان نابێت هەوڵی لاساییکردنەوەی پیاوان بدەن. بەقسەی ئەو (ژن دەبێت ببێت‌و پیاو دەبێت هەڵسێت بەکار). بابەتی پەیوەندبوون لە هەموو چیرۆکەکانی دینسندا هەیە.

ڕۆمانی (The Inviacible slave owners) لە بارەی پەیوەندی سەردار-خزمەتکارەوەیە و(Aconsolatory Tale)(The young man with the carnation) لە بارەی پەیوەندی نێوان هونەرمەندو جەماوەرەکەیەتی‌و لە بارەی پەیوەندی نێوان هونەرمەندو خوداوەیە. لە (The Deluge at Norderney)دا، کاسپارسۆن لۆمەی پادشا لویس فیلیپ دەکات، چونکە هەوڵئەدات کە (تەنها وەك هاووڵاتیەکی ئاسایی بێت).

ڕقی لەم (خودای مرۆڤ ئاسایە) دەبێتەوەو، هەست بەتامەزرۆیی دەکات بۆ ئەو کاتەی کە لە شەوەکانی مەکسیکۆدا هەستم کرد نەریتە گەورەکان دیسانەوە زیندوو ئەبنەوە لە خودایەکەوە کە هیچ بایەخی بە (دە-وەسیەتەکانمان) نەدا Seven Gothic Tales p.58.

چەمکی پێکەوەبوون، یەکێکە لە چەمکە سەرەکیەکانی جیهانی دینسن. وەك ئەوەی کە چارەسەرێك نییە بۆ نەخۆشییەکانی جیهان، بەڵکو تەنها هەوڵێکە بۆ پاراستنی ئەو گرژییەی دژەکان، کە سیستەم‌و پێکەوەگونجان‌و بەها دەبەخشێتە پەیوەندییەکانی مرۆڤ.

ئەو بنەما بنەرەتییە بەباشی لە وشەکانی بارۆن براکێلدا دەربڕاوە لە (The old cheralier)دا. (شانازی هاوڕێکەت یاخود دوژمنەکەت خۆشبووێت‌و زیندوو ڕایگریت، وەك ئەوەی خۆت پێناسەی بکەیت، بەقەد شانازی خۆت یان بەرزتر لەوەی خۆت). جیهانبینی دینسن ئەریستۆکراتیانەیە، بەڵام لە قووڵاییدا ئێستاتیکایە لە سروشتدا. کاتێك بارۆن لە (The old cheralier)دا، ناتالیای لاوی لەدەستدەچێت، بەهۆی دڵسۆزییەوە بۆ دەستوری سوارچاکێتی ئیمارەت، تێبینی یاساکانی یارییەکی جوان دەکات، بەهۆی لەبەرچاوگرتنی گەورەیی هاوڕێکەیەوە کۆتایی بەپەیوەندییەکە دەهێنێت، وەك چۆن دەستپێیکرد: لە نێو بازنەیەکی سیحریدا لە سەربەستی‌و باشی‌و جوانی.

بەم شێوەیە ئەریستۆکرات دەبێتە جۆرێك ئێستاتیکاو ئەو یاسایانەی کە پەیوەندییەکانی مرۆڤ بەڕێوەدەبەن، دەگەنە هاوشێوەی ئەو یاسایانەی کە پێکهاتەکانی سەمفۆنیایەك یاخود فیوجێك (Fugue)[1] بەڕێوەدەبەن.

وا دیارە کەنداوێك لە نێوان ئەم بۆچوونە بنەرەتیانەی ئێستاتیکاو لە نێوان باوەڕی کیرکیگارددا هەیە، کە پێی وایە تەنها ئایین دەتوانێت کەسێتی بپارێزێت‌و بەر لە

پرۆسەی یەك ئاستکردنەوەی ئەبستراکت بگرێت. بەڵام هێشتا، جارێکیتر، لێکچوونێکی قووڵ هەیە لە بۆچوونی هەردوو نووسەرەکەدا. لەبەر ئەوە ئایزاك دێنسن ئەو رێبازە رەتدەکانەوە کە مەسیح خۆیکردە قوربانی گوناهەکانی مرۆڤو بەزۆریش ئیعجابی خۆی بۆ تەوراتو بەها ئاینییەکانی دەردەبرێت، بەتایبەتیش بۆ کتێبی ئەیوب کە جێگەیەکی سەرەکی هەیە لە کارەکەیدا.

هەروەها بۆچوونە ئاینییەکانی کیرکیگاردیش زۆر نزیکن لە رۆحی تەوراتەوە. ئەو باوەڕ بەڵێك نەچوونەکانی مەسیح بەپێوەرێکی راستەقینەی مەسیحیەت دادەنێت. گرنگیەکەی ئەوەیە کە کیرکیگارد لە دیاریکردنی قۆناغی ئاینیدا ئیبراهیم وەك پاڵەوانەکەی هەڵدەبژێرێتو لە رۆمانی (Repetition)دا، پیاوێکی گەنج بە بەردەوامی هانا بۆ کەسێتی ئەیوب دەبات. لەسەر کەسێتی ئەیوب بۆچوونی دێنسنو کیرکیگارد دیسانەوە لە یەك خاڵدا یەکدەگرنەوە.

هەرچەندە بیرۆکەی گەورەی کارەکانی دێنسن بیرۆکەی رازیبوونە، بەڵام ئەم رازیبوونە هەمیشە یاخیبوونی پێشدەکەوێت.

کارەکتەرەکانی دێنسن زۆرجار سەرگەرمی ئەو گفتوگۆیانەن کە وەك ئەو گفتوگۆیانەیە لە نێوان خوداو ئەیوبدایە، یاخود ئەوان تووشی ئەو چیرۆکانە دەبن کە تیایدا فێری هونەری رازیبوون دەبن. ئەو خودایەی کە کارەکتەرەکان لە دژی یاخی دەبن، ئەو خودایەیە کە سروشتەکەی بەرزترە لە خەیاڵی مرۆڤ وئەو خودایەیە کە رەنگە هەموو شتێکی لێچاوەڕوان کرابێت. ناتوانرێت هێوربکرێتەوە گەر تووڕەبێت، یاخود فریوی خواردبێت بۆ بەجێگەیاندنی ویستی مرۆڤ. ئەگەر ئەو خۆشیی بوێت، رەنگە تێکت بشکێنێت. ئەگەر تۆ باش بیت، بەڵات بۆ دەنێرێت.

دێنسن لە ئەفەریقا فێربوو خودا بناسێت، وەك کەسێتیەکی هەرەمەکیو زۆردار کە هیچ بایەخێك بە(دە-وەسیەتەکانمان) نادات. خودایەك کە خۆی ساغ ناکاتەوە بەهۆی هیچ گفتوگۆیەکی نێوان راستیو هەڵەوە: گفتوگۆی ئەو گەردەلوولە. باوەڕکردن بەم خودایە لەسەر حیسابی دادوەریو باشی بێ هوودەیە. بەڵام جیاوازی سەرەکی خودا گەورەییە نەك باشی. وەك خەڵکی رەسەنی ئەفەریقا، دێنسنیش تەنها ئەو خودایەی ئەناسیەوە کە هەرەمەکیە، کە هەر لەخۆوە دەجولێت. وێنەی ئەو هەمیشە لەسەرو تێگەیشتنی مرۆڤەوەیە. ئەمانە ئەو خاسیەتانەن کە وایانلێکردووە گەورەبێتو لە مرۆڤ جیابێت. بەم شێوەیە بنەمای پێکەوەبوون لە بواری ئاینیدا پارێزراوە.

لەبەرئەوە پەیوەندی نێوان خوداو مرۆڤ جۆرێکی گرژیە. گەورەیی مرۆڤیش لە دژوەستانی شانازیەکەیدایە لە بەرامبەر خوداو لە رازیبوونیدایە بەیەکسانی شانازیکردنو لە وتنی بەڵێدایە بۆ هەرچیەك کە ژیان بشێت بیهێنێتو لە جەختکردنە سەر چارەنووسە تراژیدیە بنەرەتیەکەیدایە. لە رۆمانی (Repetition)ی کیرکیگاردا هاوڕێ لاوەکەی کۆنستانتین کۆنستانتیۆس ستایشی (ئەیوب) دەکات، لەبەرئەوەی سۆز لە وتەکانیدایە، لەبەرئەوەی ئەو (دەمی تووشبوویەکە بە بەڵاو، گریانە بۆ پەشیمانێكو هاواری دڵشکاوێکە). دەنگێکە ئەوێرێت دژی خودابێتەوە.

(خوداوەند ناترسێت، ئەو باش ئەتوانێت خۆی بناسێنێت، بەڵام ئەو چۆن ئەشێت بتوانێت لە بەرگرییەکەیدا قسە بکات، ئەگەر کەسێك نەوێرێت سکاڵا بکات؟ قسە بکە، دەنگت بەرزکەرەوە، بەدەنگی بەرز بدوێ، خودا خۆی بەدڵنیاییەوە ئەتوانێت بەدەنگی بەرزتر بدوێت. ئەو خاوەنی بروسکەیە، بەڵام ئەوەش بۆ خۆی وەڵامێکە. ئەوەش لێکدانەوەیەکە شایەنی بڕوا پێکردنە، راستەقینەیە، وەڵامێکە لە خودا خۆیەوە.

وەڵامێکە تەنانەت ئەگەر مرۆڤێکیش تێك بشکێنێت، ئەوە زۆر بەرزترە لە قسەی خەڵكو قسەی باو لەبارەی حەقیانەتی خوداوە، کە مرۆڤ دایهێناونو بەهۆی بوونەوەری لاوازو خەسێنراوەوە بڵاوبوونەتەوە). گەورەیی ئەو لە خەباتیدایە کە ئەڵێت ئەو لەسەر حەقەو لە رەتکردنەوەیدایە، بۆ قبوڵکردنی ئەو راستییەی کە ئەو ئازاری چەشتووە بەهۆی گوناهەکانی خۆیەوە. چیرۆکی کونستانتین کۆنستاتیوس لە (Repetition)دا، وەك کیرکیگارد خۆی ناوی دەبات (چیرۆکی ئازار چەشتنە) هەروەها چیرۆکی گویدام لە (Stages on life"s way)و چیرۆکی ژیانی کیرکیگارد خۆی.

کاتێك کیرکیگارد بۆی دەردەکەوێت، کە دەبێت خۆشەویستی خۆی بکاتە قوربانی رێجینیا ئۆلزن، خۆی لە وێنەی ئەیوبدا بینییەوە. وەك ئەیوب گەڕا بەدوای هێشتنەوەی باوەڕی خۆی، بە پەرجووی سەر لەنوێ بەدەست هێنانەوەی ئەوەی کە لە دەستی چووە. لە ژیانیداو هەروەها لە کارەکانیشیدا، ئازار چەشتنو باوەڕی رەها لە جیاوازیدان. خاڵی بێهودەیی رێگایەکە بۆ بەدەستهێنانەوەی ناخو سۆز لە سەردەمێك تێڕاماندا.

**پەراوێز:**

1.Fugue: پێکهاتەیەکی مۆزیکییە، کە تیایدا بیرۆکەیەك یان زیاتر پێشکەش دەکرێت بەهۆی دەنگی جیاجیاوە.

**سەرچاوە:**

Books Abroad زستانی 1962